بافڵ تاڵبانی: کردنەوەی گەرووی هورمز هەنگاوێکی گرنگە بۆ سەقامگیری ناوچەکە



بافڵ تاڵبانی، سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە پەیامێکدا لە هەژماری فەرمی خۆی، پشوازی لە ڕاگەیاندراوە نوێیەکانی دۆناڵد ترەمپ، سەرکی ئەمریکا و عەباس عەراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران کرد، سەبارەت بە کردنەوەی گەرووی هورمز و هەوڵەکان بۆ چەسپاندنی ئاشتی، بەتایبەت ئاگرگریبەکەی لوبنان.

تاڵبانی ئاماژەی بەوە کردووە کە کردنەوەی ئەم ڕووە ئاوییە ستراتیژییە، تەنها متمانە بە بازاڕی وزەی جیهانی ناگەڕێنێتەوە، بەڵکو دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ سەقامگیری و بوژانەوەی ئابووریی ناوچەکە لەم قۆناغە هەستیارەدا.

لە کۆتایی پەیامەکەیدا، سەرکی یەکێتی هانی هەموو لایەنەکانی داوە کە ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە و لێکتێگەیشتنە کاتییەکان بگۆڕن بۆ ڕێککەوتنێکی گشتگیر و هەمیشەیی، بە جۆرێک کە بەرژەوەندی گەلانی ناوچەکە بپارێزێت.